## "كەمال رەئوف "لەوەڵام بە پرسیاری دەنگەکان
## لە حەڤدەهەمین ساڵ ڕۆژی تراژیدیای ئەنفال

**دەنگەکان : ئایا توانراوە ئەنفال وەک ئەوەی کە هەیە , نەک ئەوەی کە دەسەڵاتداری کوردی ئەمڕۆ دەیەوێت , بکرێت بەمێژوو ؟**

**دەنگەکان : ئەو ئەرکانە چین لەسەر شانی ڕۆشنبیری کورد لە نزیک و دوورماوەدا , سەبارەت بەکارەساتی ئەنفال ؟**

**دەنگەکان : دیاریکردنی ڕۆژێک بۆ ئەنفال بیرۆکەیەکی سەرکەوتووە ؟**

كەمال رەئوف / ڕەنگە واباشتر بێت وەلآمی هەرسێ پرسیارەکەتان بەسەر یەکەوە بدەینەوە , چونکە پێم وایە پرسیارەکان هەموویان لەدەوری یەك بابەتدا دەسوڕێنەوە کە ئەویش مەسەلەی کارەساتی ئەنفالە , بۆیە هەوڵ دەدەم بەیەکەوە وەلآمی پرسیارەکانتان بدەمەوە.

کارەساتە بەدناوەکەی ئەنفال هەر کەسێك ولایەنێك بەکورد و غەیرە کوردەوە بیەوێت یان نەیەوێت بۆخۆی مێژووە, بچراندنی یان گوومکردن و لەبیکردنی ئەستەمە , بەلآم چۆن مێژوویەك , مێژوویەکە بەهۆش بیری ناسیۆنالیزمی عەرەبی وبە پشتیوانی مەعنەوی هێزەگەورەکان وبەدەست و دەسەلآتی بەعسیەکان خولقێندرا ,ئەوکارەساتە خوێناوییە کە لەسەردەمی بەناو مافی مرۆڤ و شارستانیەتدا لەسەر گۆشت و خوێن و ئێسکی خەڵکی کورد(کە بۆ ئێمە لەبیرچوونەوەی ئەستەمە) خولقێنراو کرا بەژێر پەردەوە , نەك هەر گەیشتنە لوتکەی تاوانکاری و دژی مرۆبوونی بەعس بەڵکو ڕووی هەموو ئەوانەشیان بەخۆیانەوە ڕەشکرد کەئەوکاتە لەوکارەساتە بێدەنگەیان کردو لە میدیاکانیشەوە بانگەشەی دیموکراتی و ئازادی و مافی مرۆڤیان دەکرد , ئەنفال مێژووە , بەلآم چۆن مێژوویەك , هەرچۆن مێژووی ڤرکردنی جوولەکەکان بوەتە پەڵەیەکی ڕەش بەتەویلی نازیزمەوە و بەشێك لەمێژووی سەردەمانی خۆی پێك دەهێنێ, ئاواش ئەنفال پەڵەیەکی ڕەشە بەتەویلی ناسیۆنالیزمی عەرەبییەوەو بەشێکە لەمێژووی تالی سەردەمانی مافی مرۆڤ , بەلآم لەگەڵ هەموو ئەوڕاستیانەشدا , لەگەڵ گەورەیی ئەو قوربانیەشدا مەرج نییە هێندەی بۆ ئەوانی ستەمکار ناشرینەبێت ئەوەندەش بۆئێمەی ستەملێکراو جوان نەبێت , ڕاستە ئێمە قوربانیەکی گەورەبووین , ڕاستە زۆربەی قوربانییەکانمان منداڵ و خەڵکانی بێچەك و مەدەنی بوون , بەلآم لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا گەورەیی ئەو قوربانییە خافڵ بوونی ئێمەو خۆشباوەڕی ئێمە نیشان دەدات بەرانبەر دوژمنەکانمان , هەرچەندە بۆ ئێمە دروست نیە لەویۆوە لێپرسینەوە بەرانبەر هەڵوێستی قوربانیەکان بکەین , بەلآم دروستە ئەو ڕاستیە بزانین کەئەو خەڵك قوربانی دەستی شوڤێنیستی عەرەب و نەشارەزایی و بێلیاقەتی حیزبە کوردیەکانیش بوون ,هەرچۆن بۆ ئەوان ئەو کارەساتە گەیشتە لوتکەی تاوانکاری داوەشینی گیانی مرۆبوونیان , ئاواش بۆ ئێمەی کورد ئەو کارەساتەکە گەیشتە لوتکەی خۆشباوەڕی و نەناسینەوەی دژمنەکەمان, حیزبە کوردییەکان کە سەرکردەکانیان هەر چەندساڵێك بۆ گفتوو گۆکردن دەچوونە بەغداد و دەگەرانەوە , ئەو بیرۆکە خۆشباوەڕییەی لای خەڵك دروستکردبوو کە حکومەت گیانی لێبووردەی هەیە , دەنا خۆ ئەو خەڵکە هەمووی دەست و قاچی نەبەسترابوو تالەبەر دەستی هێزە کانی ڕژێمدا بمێنێتەوە , لێرەوەیە کەدەتوانیین بڵێن , ئێمە قوربانی دەستی ڕەشی ئەوان و دڵی سپی خۆمان بووین .

سەبارەت بەوەشی چی کراوە بۆ ئەنفال ,بەڕاستی تاکو ئێستا حیزبە کوردییەکان کارێکی جدیان لەسەر ئەوەنەکردووە کە لەدادگایەکی نێودەوڵەتی یان بەشێوەیەکی سەربەخۆ کار لەسەر ئەوەبکەن کە هیچ نەبێت وەك گوومبووەکوێتیەکان لەشوێنێکی نێودەوڵەتی یان هیچ نەبێت لەشوێنێکی کوردستان بە فەرمی ناوی قوربانییەکانی ئەنفال تۆمار بکەن ولەسەر ڕوودانی ئەو کارەساتە نەك هەرلەسەرانی بەعس وحکومەتی ئەوکاتەی عێراقی بەڵکو لەبەرپرسانی

**نەتەوەیەکگرتووەکانی ئەوکاتەش بپرسنەوە ,حیزبەکان کەخۆیان ئەوەیان نەکرد دڵنیاشم کە نایهێڵن هیچ هەوڵێکی سەربەخۆی لەو جۆرە بەئەنجام بگەیەنرێ , دەنا من دڵنیام کە ئەوان لەهەمووکەس زیاتر دیکومینت و ئیمکاناتی تریان لەبەردەستدایە تا ئەوکارەبکەن بەڵام کە ئەوەی بۆچی ناکرێت و گوێی خۆیانی لێدەخەوێنن , ڕەنگە ئەوە مەسەلەیەك بێت کە ئێستا کاتو شوێنی گونجاو نیە تاباسی بکەین ,بەڵام دڵنیام کاتێکیش دێت ڕاستی ئەو مەسەلەیەش بۆ هەمولایەك بکەوێتە ڕوو .**